# قورئانی پیرۆز ڕێزی لە ئافرەتان ناوە

[ كردي – کوردی – kurdish ]

## شێخ محمد جمیل زینو

وەرگێڕانی: ئومێد عمر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2015 - 1436

IslamHouse.com

# القرآن يكرم الإناث

« باللغة الكردية »

محمد بن جميل زينو

ترجمة: أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2015 - 1436

IslamHouse.com

# قورئانی پیرۆز ڕێزی له ئافرەتان ناوه

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

ئاینی پیرۆزی ئیسلام هات، ڕێزی هێنا بۆ مرۆڤایەتی، ڕێزی لە ئافرەتان نا، وڕێگری کرد لە ڕق بوونەوە لە ئافرەتان، لەوەی خەم وخەفت بخورێت کاتێك پیاوێك موژدەی هاتنە دونیای کچێکی پێ بدرێت، ئیسلام هات کۆمەڵگەی فێرکرد هەموو ئەوانە لەڕەش بینی سەردەمی نەفامیەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەڵگەش لەسەر ئەمە : -

١- خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُمْ بِالْأُنْثَى ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ * يَتَوَارَى مِنَ الْقَوْمِ مِنْ سُوءِ مَا بُشِّرَ بِهِ أَيُمْسِكُهُ عَلَى هُونٍ أَمْ

يَدُسُّهُ فِي التُّرَابِ أَلَا سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ﴾ [ النحل: ٥٨].

واتا : ئەگەر یەکێك لەوانەی موژدەی بدرێتێ کە کچی بووە، دەموچاوی گرژو تاریك دەبێت و هەروەها دڵی پڕدەبێت لە خەم و تورەیی - بێگومان کچیش هەروەکو کوڕ بەخششی خودایەو، بە هەردووکیانەوە ژیان بەردەوام دەبێت... کەوا بێت پێویستە بەیەك چاو سەیری کچ و کوڕ بکرێت و جیاوازیی نەکرێت لە نێوانیاندا.

لەڕاستیدا ئەم کارەیان لە لاوازی باوەڕ و بێ دڵنیاییەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە ئەوان ڕازی نین بەو بەشەی کە خودا لە کچان پێی بەخشیوون، بەڵام ئەوەی نامۆیە هەندێك لە پیاوان وئافرەتی موسڵمانیش ڕقیان لەوە دەبێتەوە کە خوای گەورە کچیان پێ ببەخشێت، و حەزیان بەوەیە کە تەنها کوڕیان ببێت، وەك ئەوەی هەرگیز گوێبیستی ئەو ئایەتەی قورئانی پیرۆز نەبووبن، کاتێك خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿لِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ

وَالْأَرْضِ يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ يَهَبُ لِمَنْ يَشَاءُ إِنَاثًا وَيَهَبُ لِمَنْ يَشَاءُ الذُّكُورَ * أَوْ يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَانًا وَإِنَاثًا وَيَجْعَلُ مَنْ يَشَاءُ عَقِيمًا إِنَّهُ عَلِيمٌ قَدِيرٌ﴾ [ الشورى: ٤٩-٥٠ ].

واتا : هەر بۆ خوای گەورە خاوەنی ئاسمانەکان و زەویە، هەرچی بویێت دروستی دەکات وبەدی دەهێنێت، بەهەرکەس کەخۆی بیەوێت تەنها کچي پێ دەبەخشێت و بە هەرکەسیش کە بیەوێت کوڕ دەبەخشێت * یان ئەگەر بیەوێ کچ و کوڕیان ئەداتێ، وە ئارەزوویشی لەهەرکەسێك ببێ، نەزۆکی دەکات، وە بەهەر کەسیش کە خۆی ئارەزووی ببێ تەنها کوڕی ئەداتێ .

لەم ئایەتە پیرۆزەدا خوای گەورە لەدایك بوونی کچانی بە بەخشینی خوایی ناوهێناوە، هەروەك چۆن پێدانی کوڕیش بەخشیشی خواییە، ئەوەیشی بەخششی خوای گەورە ومیهرەبان بێت شایستەی شوکر وسوپاس گوزارییە، واثلەی کوڕی ئەسقەع دەڵێت : ئەو کەسەی خوای گەورە منەتی بەسەردا بکات لەپێش

کوڕ کچی پێ دەبەخشێت، چونکە خوای گەورە فەرموویەتی :

﴿يَهَبُ لِمَنْ يَشَاءُ إِنَاثًا وَيَهَبُ لِمَنْ يَشَاءُ الذُّكُورَ﴾ [تەماشای پەرتووکی - الجامع لأحكام القرآن – بكه ].

لەڕاستیدا دایك زیاتر سوودمەندە لە بوونی کچان تا بوونی کوڕان، چونکە کچ چرا وکەیبانووی ماڵو یارمەتیدەری دایکیەتی .

٢- وعن ابن عمر رضي الله عنهما: « أن رجلاً كان عنده، وله بنات، فتمنى موتهن، فغضب ابن عمر، فقال أنت ترزقهن؟ » [رواه البخاري في الأدب المفرد ] .

واتا : پیاوێك کە چەند کچێکی هەبوو لای عەبدوڵڵای کوڕی عومەری دانیشت بوو ( خوای لێ ڕازی بێت ) ، زۆر ئاخ وئۆفی بوو بەدەستیانەوە و ئاواتی مردنی بۆ دەخواستن، عەبدوڵڵای کوڕی عومەریش زۆر لێی تووڕە بوو، وە پێی ووت : ئایا تۆ ڕزق وڕۆزییان دەدەیت .

٣- ابن القيمي الجوزى ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) دەڵێت :

خوای گەورە حاڵی ژن وپیاوانی دابەش کردووە بۆ چوار بەش، کە پێك هاتووە لە بوون، وە هەواڵی داوە بەو ئەندازەیەی کە پێیان دەبەخشێت لە منداڵ، بەسە بۆ عەبدێك لە عەبدەکانی خوایش کە پەروەردگاریان لێیان زویر ببێت بەوەی کە ڕازی نەبن بەوەی خوای گەورە پێی بەخشیوون، پەروەردگار سەرەتا بە باسی کچان دەستی پێکردووەوە، ووتوویانە : لەبەر ئەوەی خوای گەورە بە کچان دەستی پێکردووە چونکە خوای گەورە دەزانێت دایکان وباوکان لەسەر دڵیان قورسە، ووتویشیانە : لەبەر ئەوەی خوای گەورە بەکچان دەستی پێکردووە چونکە کچان باشترن، وە بۆیەش پەروەردگارپێشی خستوون لەبەر سیاقی بابەتەکە، سیاقی باسەکەش وایە ئەوەی خوای گەورە دەیەوێت نەك ئەوەی کە باوکان ودایکان دەیانەوێت، چونکە زۆربەی دایکان وباوکان حەزیان لە کوڕە تا کچ، پەروەردگاریش هەواڵی داوە بەوەی کە

هەرچیەکی بوێت دروستی دەکات وبەدی دەهێنێت، سەرەتاش بە باسی ئەو نیوە دەستی پێکردووە کە دەیەوێت، نەك ئەوەی دایکان وباوکان دەیانەوێت.

منیش شتێکی تر دەڵێم : خوای گەورە ئەوەی کە بەلای نەفامی سەردەمی نەفامیەوە جێگای نەنگی و زشت بووە، خوای گەورە لەبەر ڕیز وپلەوپایەیان لای خۆی پێشی خستوون، چونکە لەسەردەمی نەفامییدا کچان زیندە بەچاڵ دەکران، بەمەش ماناکەی وای لێدێت : ئەی نەفامەکان ئەوەی ئێوە بەلاتانەوە بێ نرخە وناتانەوێت من پێشی دەخەم وڕێزی لێدەگرم، بیربکەنەوە وتێرامێنن چۆن خوای گەورە بە ( نەکیرە ) باسی کچانی کردووە، بە (مەعریفە) یش باسی کوڕانی کردووە، پەروەردگار ئەو بەکەم تەماشاکردنەی کچانی بە پێش خستنیان بەسەر کوڕاندا قەرەبوو کردونەتەوە .

٤- ابن القيم ی جەوزی دەڵێت : خوای گەورە لە هەقی ئافرەتاندا فەرموویەتی : ﴿ وَعَاشِرُوهُنَّ بالمَعرُوفِ فَإِنْ كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئًا وَيَجْعَلَ اللَّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا ﴾ [النساء: ١٩].

واتا : بەجوانی هاوژینی لەگەڵ ئافرەتاندا بەرنەسەر، خۆ ئەگەر خۆشتان نەویستن و لێیان بێزار بوون، ئەوە دوور نیە و دەشێت حەزتان لە شتێک نەبێت و خوا بیکات بەمایەی خێرو بێری زۆرو بێ سنوور بۆتان .

هەورەها کچانیش هەر بەو شێوەیەن، پێدەچێت بوونی کچان ببن بەخێر وبێر بۆ باوکان ودایکانیان لە دونیا ودوارۆژدا، هێندەش بەسە مرۆڤ بەوە خراپ ببێت کە خوای گەورە پێی ڕازیە وپێی بەخشییوە، کەچی ئەو بەلایەوە خرا بێت و پێی ڕازی نەبێت [ سەرنجی پەرتووکی تحفة المودود لاپەڕە ٢٦ بکە ] .

پێدەچیت هەر لەبەر ئەوەش بێت کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ڕێگری کردبێت لەوەی بەو کەسەی تازە ژنی هێناوە

بڵێیت : « بالرفاء والبنين » واتا : بەئومێدی خۆشگوزەرانی وهێنانی کورِم بۆتان، چونکە نزای تێدایە بە بەخشینی کورِان بەبێ کچان، حەسەن دەگێرِێتەوە کە عوقەیلی کورِی ئەبوطالب ژنێکی لە هۆزی ( جوشم ) هێنا، خەڵکی چوون بۆلای و پێیان ووت : بە ئومێدی خۆشگوزەرانی و هێنانی کورِین بۆتان، ئەویش ووتی پێیان : وا مەڵێن و وا مەکەن ، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) رِێگری کردووە لەووتنی وەها ووتەیەك، ئەوانیش ووتیان : ئەی چی بڵێین ئەی ئەبو زەید . لەوەڵامیاندا ووتی : بڵێین : خوای گەورە بەرەکەت بخاتە نێوانتانەوە، بەرەکەت برِژێت بەسەرتاندا، چونکە ئێمە بەمە فەرمانمان پێکرابوو [ ئیمامی ئەحمەد رِیوایەتی کردووە، وبەهەموو رِیگاکانیەوە رِیوایەتێکی بەهێزە ] .

بۆ زیاتر شارەزا بوون لەم بابەتە دەتوانن بگەرِێنەوە بۆ پەرتووکی (آداب الزفاف) ی شێخ ئەلبانی لاپەرِە ١٧٦ .

سەرچاوە : پەرتووکی : ( تكريم الاسلام للمرأة )

نووسینی : محمد جميل زينۆ